# Iraq Waterkeeper Environmental Law and Advocacy Project

Water Right Foundation

پاریزەرانی ئاو عیراق
WATERKEEPERS IRAQ
المحافظين على المياه العراق

NATURE IRAQ طبيعة العراق سروشتی عێراق

No. 1 Summer 2014

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکە

ئامانجی یاسایی ژینگەیی و پرۆژەی داکۆکیو پارێزەرانی ئاو لەعێراق لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەرپرسە حکومیەکان و لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو بەشداری پێکردنی نوێنەرانی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان بۆ زۆرکردنو بایەخدان بە یاسا ژینگەیەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراق لەرێگەی زنجیرەیەك خول لەسەر بەرزکردنەوەی تواناکان، کۆبونەوە، دروستکردنی ماڵپەر، هەواڵنامە، کۆمەڵێك رێبەری تایبەت لەبواری یاساکانی ژینگە لەهەرێمی کوردستان کە بەزمانی جیاواز دەبێت، هەوڵدەدرێت کە کۆدەنگیەك لەنێوان چینە جیاوازەکان دروست بکرێت کە هەموو یەك بەرژەوەندی هاوبەش دەیانگرێتەوە لەپاراستنی سەرچاوە ئاویەکان لەهەرێمو دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی خاوێنو دابینکردنی دوارۆژێکی تەندروست بۆ نەوەکانی داهاتوو.

## • گەشتی بەلەمەوانی رووبارەکانی چۆمان ــ رەواندز

پارێزەرانی ئاوی عێراق لەمانگی ئایاری ٢٠١٤ لەگەڵ تیمێکی شارەزا لەبواری بەلەمەوانی، پارێزەرانی ئاو و وێنەگر گەشتی بەلەمەوانی رووبارەکانی چۆمان-رواندزی رێکخست. گەشتەکە لە ٩ی مانگی ئایار دەستی پێکردو لە ١٨ی مانگ بەکۆتایی گەیشت. ئەم کەمپینە دەرفەتێك بوو بۆ شانازیکردن بەرووبارەکانی کوردستانو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك بەرامبەر بەو هەرەشانە کە رووبەرووی ئاوەکانی کوردستان دەبێتەوە.

دوو چالاکی هۆشداریو بۆنەی پەروەردەی لە نزیك شاری چۆمان، گوندی کاولۆکان بەرێوەچوو. چەند گرتەیەکی ڤیدیۆی بەدرێژایی گەشتەکە گیراوە کە لەئێستادا بەکاردێت بۆ ناساندنو پاراستنی ئاوە سەربەستەکانو دیمەنە سروشتەیە سەرنجراکێشەکانی عێراق.

بۆ زانیاری زۆرتر دەتوانن سەردانی ئەم ماڵپەرەکە بکەن:

www.iraqwaterkeeper.org

## هەنگاوەکانی داهاتوو:

• بەستنی چەند کۆبونەوەیەکی هاوبەشی فەرمی لەگەڵ دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوە ئاوییەکان، وەزارەتی تەندروستیو سەرچاوە سروشتیەکانو کۆمیسیۆنی ناوچە پارێزراوەکانو فەرمانگە ناوخۆییەکان. لەم کۆبونەوە هاوبەشانەدا نێوان رێکخراوە ناحکومیەکانو دەزگاکانی بەرپرس لەداهێنانی یاساو رێساکانو چۆنیەتی هاندانی هاونیشتیمانیان کە رۆڵی زیاتریان هەبێت لە پێشخستنی یاساو پەیرەوە ژینگەیەکان

• کردنەوەی چەند خولێکی راهێنان بۆ ٣٥ رێکخراوی ناحکومی کەپێشتر دەستنیشانکراون، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانیان.

• راهێنان لەسەر چۆنیەتی چاودێریکردنو رۆڵی رێکخراوە ناحکومیەکان و لەم دوورەیەدا بەشێوەیەکی گشتی هەموو لایەنەکانی پشکنین دەگرێتەخۆو، خولەکە بەشێوەیەکی پراکتیکی دەبێت لەو ناوچانەی کە کاریگەیان دەبێت لەسەر تەندروستی خەڵکی و بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدرێت کە شێوازێکی گفتوگۆ دروست بکرێت لەنێوان نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومیەکانو فەرمانبەر بەرپرسەکانی حکومەت و زیادکردنی هاریکاری لەنێوانیاندا.

## چالاکیەکانمان

### • ماڵپەرێکی ئونلاین:

ماڵپەرەکەمان تیشك دەخاتە سەر بەرەوپێش بردنی گۆرینەوەی زانیاری لەناو عێراق هەروەها بۆ بەستنەوەی کۆمەڵگەی داکۆکی نێودەوڵەتی فراوانتر دەربارەی کارو چالاکیەکان لەسەر پاراستنی ژینگەی لەهەرێمی کوردستان.

ئەگەر تۆش هەر چالاکیەکی ژینگەیت هەیەو دەتەوێت هاوبەشی پێ بکەی لەگەڵ ئەوانی دیکە، ئەوا دودڵ مەبە لەناردنی کورتەی پرۆژەکەت:

http://www.natureiraq.org/waterkeeper-law-and-advocacy-program.html




### • راهێنانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:



لەماوەی چەند مانگی رابردوو تیمی داکۆکیو پارێزەرانی ئاو لەعێراق لەگەڵ چەند رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی دیدەنی کرد، لەسەر بنەمای ئاستی پەروەردەیی، پرۆفایلەکانیان خزمەتە مەدەنیەکانیان، چالاکیەکانیان، بەمەبەستی زیادکردنی کاریگەریەکانی داکۆکیکردنو هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان تیمەکەمان (٣٥) رێکخراوی ناوخۆیی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بەشێك بن لەپرۆژەکەمان بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو بەهاوبەشی کار دەکەین لەگەڵ (١٩) رێکخراو لەناو شاری سلێمانیو دەوروبەری، (١٢) رێکخراو لەشاری هەولێرو دەوروبەری (٤) رێکخراو لەشاری دهۆك.